## چەند ڕەوشتێکی بەرز کە زۆربەی موسڵمانان بیریان چۆتەوەو کاری پێ ناکەن

پـێغەمبەری خـوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( يا ايها الناس افشوا السلام واطعمـوا الطعام وصلوا الارحام وصلوا بالليل والناس نيام تدخلوا الجنة بسلام ) السلسلة الصحيحة ٥٦٩ واتە : ( ئەی خەڵکینە سەلام بلاو بکەنەوە _سەلام لە یەکتر بکەن_ وە نـان بـدەن وە خـزمایەتی بگەیـنن وە نوێژ بکەن بەشەو کە خەڵك خەوتون ئەچنە بەهەشتەوە بە سەلامەتی ) .

وە پیاوێـك لـە پـێغەمبەری خـوای صلى الله عليه وعلى اله وسلم پرسـی : ( أي الاسلام خيـر ؟ قـال : تطعم الطعام وتقرا السلام على من عرفت ومن لم تعرف ) رواه البخاري ومـسلم واتـە : ( کـام ئیـسلامە لە هەمووی چاکترە ؟ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلـى الـه وسلم فەرمووی : نان بدەیت و سەلام بخوێنیت _بکەیت_ لە هەر کەسێك بیناسی وە هەرکەسێك نەیناسی ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( افضل الاعمال ان تدخل علـى اخيك المؤمن سرورا او تقضي عنه دينا او تطعمه خبزا ) السلسلة الصحيحة ٤٩٤١ واتـە : ( چـاکترینی کـردەوەکان ئەوەیـە کـە دڵ خۆشـی و شـادی بخەیـتە سـەر بـرا بڕوادارەکەت یان قەرزێکی بۆ بدەیتەوەو لەسەری لابەیت یان نانی بدەیت بیخوات ) .

لەم فەرمودانە فەزل و پاداشـتی سەلام کـردن لە موسڵمانان بیان ناسین یانا وە فەزلی نـان دان و فەزڵـی دڵ خـۆش کـردنی موسڵمان و هەواڵـی خۆش پێ گەیاندنی وە فەزلی شـەو نوێـژو فـەزلی گەیانـدنی خزمایەتی و بەسەر کردنەوەی خزمان وە فەزلی یارمەتی دانی بـڕوادار بـەوەی قـەرزی لەسـەر لابـدەی ئەمانـەمان هەمـوو بـۆ ڕوون بـۆوە لـەم فەرمودانە ماوەتەوە کە بە خۆمانا بچینەوەو بزانین ئایا ئەم ڕەوشتانە کە هۆیەکن بۆ چونە بەهەشت لە ئێمە هەن یان نا !؟

**باوکی حارث**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com